چەسپاندنی ناجەنگیری سیاسی کوردستان.. عوسمانی حاجی مارف

پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا میراتێکی دوورودرێژی ناکۆکیان لەسەر داهات و نەوت و گاز و بودجە و هەزی چەکداری و بڕیاردان و بڕیاراتی کارگێری و سیاسی و یاسایی و دەستووری هەیە.
زۆرجار بۆ ئاشکرا دەبینین کە مووچەی دەبێتە مایەی دەڕاوکێ بۆ دەیان هەزار خێزان، کە وەک هێبوارێک چاوەڕێی هاتنی بەسەلامەتی هەموو مانگێکی دەکرێت. هەرکاتێک تەواوی ناوچەکە ڕووبەڕووی گەڕانکاریە سیاسی و ئابوریە خراپەکان دەبێتەوە، ناکۆکی و کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر تووندتر و ئاڵۆزتر دەبنەوە.
لە دۆخێکی ئەم جارە پەیوەندیە لەرزۆک و ناجێگیریەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کات بەدوای ئاوەدا نەبووە چۆن دەتوانێت دەستکەوتی بڕچاو و سەقامگیر بەدەست بهێنرێت، بەڵکو چۆن خەی دەپارێزێت و هەگری لە پڕاسەندنی قەیرانەکان بکرێت، بۆ ئاوەی بەتەواوی ئیفلیج نەکرێت، یان بۆئاسایی لە جۆەی ژیاندا لەناو زریانی پشێودا بۆ بۆ وەڕام دەسوڕێننەوە. گرنگ ئاوەیە بەهەر ڕێگایەک بێت دەستکەوتێکی دارایی خراپ بەدەست بهێنن.
بۆ پاستی سەرکایەتی وەزیران لەساڵی ٢٠١٩وە مەسرور بارزانی دامەزرێنەرا، هەر لە سەرەتاوە لەبەرامبەر کەمەڵێک کێشە ڕووبەڕوو بووەوە، کە لە ماوەی سەرکایەتیەکەیدا دروست نەبوبون، بەڵکو بەسادەیی بۆ ئامادەیی لەسەر مێزەکەی دانرابون، ئەم پرسانە لە گرژیە سیاسی و ئابوریەکانی ساڵانکاوەیە کە لە نێوان هەولێر و بەغدا سەرچاوەی گرتووە، هەروەها پرسەکانی دیکەی پەیوەست بە قەیران و ناجێگیری ئابوری و لاوازی خزمەتگوزاری و نالەباری ژێرخانی هەرێمی کوردستان و دوو ئیدارەیی و گەندەڵی فراوان، واقعیەتی پەکهاتەی خودی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانە، مەسرور نەک نەیویست ئاوانە تێپەڕێنێت، بەڵکو بونی خێشی بەسەرەک وەزیران و مانەوەی وەک کاربەدەکەر بەتە کێشەیەک و جێگای بەهیچ پرنسیپێکی حوکمداری شارستانی نەهشتەتەوە. تا ئێستاش وەک حکومەتێکی کاربەدەکەر و لە دۆخی چەقبەستوی پەیوەندی پارتی و یەکێتیدا، بەبەگوداندە دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک، هەردوو حزب مامەڵە بە قەیرانە ناوخۆیی و پەیوەندیەکانی بەغداو هەولێرەوە دەکەن، لە دۆخێکی چاوەڕوانیادا خەیان و خەڵکیان ڕاگرتووە.
قەوارەی سیاسی هەرێم هەمیشە لە ناکۆکی و تەوانینی جیاواز و

بەردەوامی کۆشکان سەبارەت بە بەدەستهێنان و بەدەستهێنانەوەی پرسە هەستیارەکان، کەمی نەهێناوە، دابەشبونی هەرێم بە زەنی زەرد و زەنی سەوز لە ناچاریدا هەمیشە مامەڵەی ئاستی هاوسانگی هێز و نفوزی سیاسیان بووە، زەرجار حکومەتکانی هەرێم خۆیان وەها دەبینی کە ناچار بوو بە کردەوەکانی هاوسەنگی سیاسیدا بچن و رێکەوتنێک پێکبهێنن و گرژیەکانیان بە دەورانێک رابگرن، بەڵام لە قۆناغێکی تردا هەمان لەژنکی گرژیەکان دەست پێدەکاتەوە. گەورەترین تاوانی عەقڵی سیاسی حزبەکانی کوردایەتی ئامادەنەبون و نەویستن و نەتوانینیانە بە یەکگاربوون لە دەسەڵاتی دوو حزبی و هێزی میلیشیا و پاشکۆ بونیان بە لایەنێکی دەرەکی و دانەمزراندنی حکومەتێکی سەراسەری لە تواوی هەرەمدا.

کاتێک دوای شەری کەنداوی یەکەم، هێزەکانی پارتی و یەکێتی هاتنە ناو شارەکان و ناوچەی ئارام جێگیرکرا، چەکەکان بەدەنگ بون و فرەکە جەنگیەکان لە دوای بەهاری پێ لە گەژاوی ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی عێراق قیژەی خۆیان وەستاند، خەڵکی کوردستان کە لە دەزگەی کەچکی بەرفراوان بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا هەڵاتبون، پێیانوابوو کە لاپەڕەیەکی نوێی ژیان دەستی پێکردووە. هەمووان دەخەش بوون بە ئاسەی دانیشتنی بەرەی هێزەکان، کە لەسەر مێز گفتوگۆیان لەگەڵ سەدام حسێندا کرد، زەرینەی خەڵک کەوتنە وەهمی ئەوەی "خەباتی" ئەو هێزانە بەرهەمی هێناوە، دەسەڵاتی "خەبەرەوبەری" فراوانکراوەکانی ئامانجەکانە و کەتا لوتکەی هیوایە.

بەڵام لە جێنجاێی گەرمی سەزداری و خۆشحاڵی خەڵک بە دەربازبوون لە کابوسی ترس و بەمب و کیمیاوی بەعس و سەدام، ئەوە لەبیرکرا کە بگفتوگۆی حزبە ناسیونالستەکان و هێزی میلیشیا و دواتر جێگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسیان، شەهیدان و بارگرژی و نائارامی و ناجێگیری سیاسی کەتایی نایەت، بەڵکو تەنیا کاتێک کەتایان دێت کە دەور و دەخالەتی راستەوخۆی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا جێگەوتبێت.

دانوستانەکانی بەغدا لە ساڵی ١٩٩١ کە شاندی پارتی و یەکێتی بە ناوی "شەش" و بەدواداچوون بە دانپێدانان بە ئەتنەمی مامەڵیان دەکرد و لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ئەنجام ئەدران، تیشکی دەخستە سەر بونی تەمومژێک لە ئایندەی کوردستان و نارەشنی لە چارەنوسی خەڵکی کوردستاندا، کە ئاکامەکەی لە ماوەی ئەم ٣٥ ساڵەی دەسەڵاتداریاندا چەندین کارەسات و بارگرانی دەخی ژیان کرانە دیاری بە خەڵک.

هەر لەسەرەتاوە پارتی و یەکێتی بەتەواوی تەرکیزیان لەسەر هەڵکاریی سنووری خەبەرەوبەری خۆیان و دەستبەرکردنی

دانپێدانانی سیاسی و دیاریکردنی چۆنیەتی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئیداریان بوو، کە زۆر بەسادەیی و بە پڵە رەسمیەتیاندا بە دابەشکردنی هەرێم بە دوو زۆن، باسەک و ئاراستەیەک لەسەر دەوڵەتداری بەهیچ جۆرێک لە بیر و کاریاندا نەبوو. ئەم شێوازە گونجاوترین ڕێڕەوێک بو بۆ تاڵانی و دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی کوردستان و دابەشکردنی لە نێوان خۆیاندا، هەر بۆیە لەسەرتاوە کەوتنە گیانی یەکترو چوار ساڵ خەڵکی کوردستانیان بە شێوەی ناوخۆ سەرقاڵ کرد، ئاگری ئەبەدی قەیران و قڕخکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی هەرێم، ئەو ڕاستیەی کە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.
ئەم پێکهاتە کوشندەیەی دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێم و لە ساڵی ١٩٩١وە تانیا ڕووداوێکی تێپەڕ نەبوو کە بەهۆی بارودۆخی ئەو ساتەوەختە ڕێکخراوبێت، بەڵکو بەردی بناغە و مۆدێلی دەسەڵاتی ناسیۆنالستی کورد کە نە دەیەوێت و نادەتوانێت لەوە زیاتر بڕۆات بهێنێت، هەرچەندە ماوەیەك لەژێر ناوی ئابوری سەربەخۆداو بەدیاریکراوی لەکاتی ڕیفراندۆمدا بارزانی بانگەوازی بە جۆرێك لە دوورکەوتنەوە لە عێراق دەکرد، بەڵام دوای شکستهێنانی ڕیفراندۆم و ئابوری سەربەخۆ، دوبارە گەڕایەوە سەر ستراتیژی پاراستنی یەکگرتوویی عێراق.
لایەکی تر وەک نزیکی سیاسیان، تەنها کەسانێک لە پستە سەرکی و باڵاکاندا دادەمەزرێنن، کە ئەندامی بنەماڵەکەیان و دەسەزی حزبەکەو سەرکی حزبەکەیانە. لەوبارەیەوە کێشە لە نەوانیاندا دروست دەبێت، هەروەها ساڵانە ملیۆنان دۆلار دەچێتە سەر حسابەکانیان. چونکە دانانی کەسی ناکارامە و گوێڕایەڵ لە پستەکاندا کافیە بە ئەوەی دەخڵەکە ڕاگرن و بەهیچ جۆرێک بیر لەدامەزراندنی دەوڵەت و خواستەکانی خەڵک نەکرێتەوە، تا سود لەو دەخڵە ناجێگیرە وەرگرن، بە چەسپاندنی گەندەڵی و بازرگانی و قاچاخچێتی و دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی کوردستان.
کارەساتێکی گەورەی هەرێمی کوردستان لەسەرتاوە ئەوەیە، لە ساڵی ١٩٩٢وە، ئەم "ڕێچکەی وەرانکار" جێبەجێکراوە. لەبری ئەوەی پەرەرکانی لەهاتوویی و شارەزایی زانستی و کارگەیی لە پێکردنەوەی پستە هەستیارەکاندا بە بنەما وەرگیرێت بەڵکو بەپێی لایەنگری بنەماڵەیی و بەرژەوەندی تەسکی حزبی بڕۆپشچون،
بەردەوامیشی تا ئەوادەیەی کە وەک نەخشیەیەکی ساری بەسەر تەواوی دامەزراوەکانی پێکهاتەی حکومەتدا بەاوبتەوە، هیچ ئاسەیەک لەخودی پێکهاتەی ئەو سیستمەدا نەک گەڵانی تیا نابینرێت، بەڵکو ناتوانێت چاکسازیش لە خۆیدا قبوڵ بکات.

ئەستا زیاتر لە جاران و هاوکاتی ئاڵوگۆڕی ناوچەکە بەتایبەتی لە دەخی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەبەرامبەر ئێراندا، دەخی هەڕەم و سیستمی حوکمرانیەکەی لەژێر بەتەوە، ڕەکەوتنی پارتی و یەکێتی سەختر بووە، نا ئارامی فراوانترە، ئەم دەخە بە نیەتی چاکی ئەکتەری حزبەکان و دەسەڵاتدارەکان و ئەپۆزیسیۆنی بەرجوازی نە پاک دەکرێتەوە و نە دەتوانن ئاڵوگۆڕبکەن. ئەوەی دەتوانێت ئەم دەخە بە حاڵەتکی ئەرێنی بگەیەنێت، نارەزایەتی و ڕاپەڕین و شەرشکە تەواوی دامودەزگاکانی ئەم حکومەتە هەڵوەشێنێت، ڕاپەڕینک دەست پێبکات کە دابینی دەور و دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک دابین بکات لە دەسەڵاتی سیاسیدا.

عوسمانی حاجی مارف